## نورەدین وەیسی:

# ژیان لەکوردستان زۆر سەختە بەتایبەتیش بۆ کەسانێك کەباوەڕیان بە شتی پڕوپووچ وهەندێ داب ونەریتی پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی نییە



لەساڵی ١٩٧٤ لە گوندی گرتك-ی بناری چیای حەسارۆست لە بنەماڵەیەکی ناسراوی ئاینی لەدایك بووە.
ساڵی ١٩٩٧ بەشی بەڕێوەبردن و ئابووری زانینگەی سەلاحەدین- هەولێر ی تەواو کردووە.
١٩٩٧- ١٩٩٩ بەرپرسی ناوەندی رۆشنبیرانی سۆران بووە.
٢٠٠٠ -٢٠٠٢ لە دەستگای رۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات کاری کردووە.
ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهانییە.
لە کۆتایی ٢٠٠٢ کوردستانی بەجێهیشتووەو لەسەرەتای ٢٠٠٤ ەوە لە کەنەدا دەژی.
ئەندامی دامەزرێنەرو بەرپرسی راگەیاندنی ماڵی کوردە لەشاری تۆرۆنتۆی کەنەدا.

**دیداری: هەڵۆ مەرگەیی**

**پ/ لە کاتێکدا تۆ دەرچووی کۆلیژی ئەندازیاری چۆن بوو ڕۆژنامەوانیت وەك پیشە هەڵبژارد؟**

- راستییەکەی من دەرچووی بەشی بەرێوەبردن و ئابووریم نەك ئەندازیاری، هەرلە منداڵیەوە حەزێکی گەورەم بۆ خوێندنەوە هەبوو، هەمیشە خەونم بەوە دەدیت رۆژێك لەدەستگایەکی راگەیاندن کاربکەم، تا ئێستاش رۆژنامەوانیم لە هەموو کارێك پێخۆشترە.

**پ / جارێك نوسیبووت نەمن و نەنەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان دوو ڕۆژمان لەسەر کاری ڕۆژنامەگەری نەخوێندوە، ئایا ئەکادیمی بوون یاخود ئەزمون کامیان پێوەرن بۆ رۆژنامەنوسێك؟**

- ئەمڕۆ رۆژنامەنووسیی هونەرو پیشەسازییەکی یەکجار کاریگەرە، بێگومان ئەم هونەرەش رێوشوێن و رێساو قانوونی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە هەر رۆژنامەنووسێك بیەوێت لەکارەکەی سەرکەوتوو بێت دەبێ لەوبارەیەوە زانیاری هەبێت، بەڵام بێگومان مەرج نییە هەموو دەرچوویەکی بەشی رۆژنامەوانی رۆژنامەڤانێکی بەتواناوچالاك بێت، ئەمرۆ چەندین رۆژنامەوانی بەنێوبانگی جیهانی هەن کە هیچ بڕوانامەیەکی رۆژنامەوانیشیان نییە کەچی لەکارەکانیشیاندا زۆر سەرکەوتوون، مەبەستی من لەو نووسینەی تۆ ئاماژەت پێداوە ئەوەبوو کە زۆرینەی ئەوانەی ئەمڕۆ لەکوردستاندا لەبواری راگەیاندن کار دەکەن بەرێکەوت هاتوونەتە ئەو بوارە.

**پ/ زۆرکەس لای وایە کە لە کوردستان بووی ڕەخنەی توندترت دەنووسی، بەڵام ئێستا کە لە کەنەداش دەژی بە پێچەوانەوەیە، ئایا دەکرێ بڵێین نورەدین وازی لەو شێوازە نووسینە هێناوە یاخود باوەڕی بە ڕەخنە نەماوە؟**

- پرۆسەی نووسین بەبێ رەخنەگرتن و شیکرنەوەو لێکدانەوە، گرنگی و بایەخ و ئەرکی خۆی لەدەست دەدات، من لەکوردستان بووبم یان لەهەر شوێنێك هەمیشە هەوڵمداوە بەچاوی رەخنەگرتنەوە تەماشای هەواڵ و رۆژەڤو دیاردە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان بکەم، لەکوردستاندا چونکە راستەوخۆ لەبواری رۆژنامەوانی کارم دەکرد نووسینەکانم پتر رۆژنامەوانی بوون و زمانێکی جیاوازی دەویست، رەنگە پرسیارەکەتان پتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت ئەوکات من گۆشە نووس بووم و بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی و ساتیر satire دەمنووسی و ئێستا کەمتر بەوشێوەیە دەنووسم.

**پ/ ئێستا زۆر قسە لەسەر زمانی نوسین لەڕۆژنامەکانداو سایتی ئینتەرنێتی دەکرێت و دەگوترێت کە گوایە زمانی زبرو تەشهیر بەکاردێ، قسەت بۆ ئەمە چیە؟**

ئینتەرنێت دنیایەکی زۆر فراوان و گەورەی بەرووی کوردا کردەوە، بەڵام بەداخەوە کورد تائێستا هیچ کەڵکێکی وای لەو شۆڕشە مەزنە وەرنەگرتووە، ئێمە کۆمەڵێك وێبسایتمان هەن ئیدی هەرچیی بۆیان بنێردرێت بڵاوی دەکەنەوە بەبێ گوێدانە ناوەڕۆکەکەی کە زۆر جار جنێوو زمانێکی زۆر بازاڕیش لەو بەناونووسینانەدا بەکاردێت، لەلایەکی دیکەوە ئەم بێسەروبەریەی کە سایتە کوردییەکان لەبواری نووسیندا دروستیان کردووە زیانێکی زۆر گەورەش بەزمانی کوردی دەگەیەنێت، هەربۆیەش دەبینی هەرکەس بەئارەزووی خۆی کەوتۆتە سەروگوێلاکشکاندنی زمانی کوردی ئەمەش زۆر مایەی داخە.

**پ / تا ئێستا گەیشتویە ئەو قەناعەتەی کە لە کوردستاندا ڕۆژنامەی (ئەهلی) یاخود سەربەخۆ هەبێ؟**

- بەلای منەوە ناوەڕۆکی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان گرنگە کەپەراوێزی ئازادیی تێیاندا تا کوێ بڕ دەکات نەك ئەوەی ئایا بەڕاستی سەربەخۆن یا کێ لەپشت دەرکردنیانەوەیە، من وا تەماشای هەر دەستگایەکی راگەیاندن دەکەم کەتاچەند

پەیڕەوی کارو ڕێسای ڕۆژنامەوانی کردووەو هەواڵو زانیاری ڕاستی تێدایە، هەرچەندە ئاشکراشە کە ڕاگەیاندنە حزبییەکان سنوورو چوارچێوەی ئازادییان زۆر سنووردارەو چیکڵدانەی ڕەخنەگرتن تێیاندا زۆربچووکە، بەڵام بەگشتی دەکرێ بڵێین لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا کاری ڕۆژنامەوانی لە باشووری کوردستاندا هەنگاوی باشی هاویشتووە، بەڵام هێشتاش زۆر هێڵی سوور ماوە بیبەزێنێت.

**پ/ لە ساڵی ڕابردوودا چەندین نوسەرو ڕۆژنامەنوس بە بیانوی جۆراو جۆر تەهدید کراون یاخود هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە، دەسەڵاتیش لەم مەسەلانە بێدەنگە خوێندنەوەت بۆ ئەمە چیە؟**

کاری ڕۆژنامەوانی لەهەر شوێنێکدا بێت کارێکی زۆر سەختو مەترسیدارەو ڕۆژنامەنووس دەبێ هەمیشە گیانی لەسەر دەست بێتو چاوەڕێی هەڕەشەو گرتنو تەنانەت کوشتنیش بێت، تەنانەت لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا ڕۆژنامەنووسەکان لەو کێشەو گرفتانە بەدوور نین، هەربۆنموونە بەپێی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦ ی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، لە ٢٠٠٤ پۆلیسی فیدراڵی کەنەدی پەلاماری ماڵی ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی The Ottawa Citizenیان داوەو هەڕەشەیان لێکردووە چونکە هەندێ بەڵگەنامەی دەربارەی هەندێ هەوڵی تیرۆریستی بڵاوکردبووەوە، لەئەمریکاش چەندین ڕۆژنامەنوس دووچاری بەندکردن بوونەتەوە چونکە ئامادەنەبوون سەرچاوەی زانیاریو هەواڵەکانیان ئاشکرابکەن، دیارە ئەمە هەرگیز پاساو هێنانەوە نییە بۆ هەڕەشەو سووکایەتێکردن بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڵکو دەمەوێ بڵێم لە کوردستانێکی نادیموکراتیکو پڕ لە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتیو ڕامیاری دەبێ چاوەڕێی دەیان ڕووداوی وابین، بەڵام دواجار دەبێ دەسەڵاتدارانی کوردستان بزانن کە سیاسەتی دەمکوتکردنو هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە جگە لەوەی زیانێکی زۆر گەورە بە کورد دەگەیەنێو ناوزڕاوی دەکا لەهەمانکاتیشدا سیاسەتێکی مایەپووچو بێ سوودیشە.

**پ/ سەبارەت بە ژن، تۆ دەڵێی کە هەواڵی خۆسوتاندنی ژنێك لە کوردستانەوە دەبیستم شەرم دامدەگرێ، ئەم هەستەت لە چیەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- پرسی ژن لای من پرسێکی زۆر بنەڕەتییەو پێوەری هەڵسەنگاندنی پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی هەر شوێنێکیشە، لە کوردستاندا وەك زۆرینەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان ژن لە سادەترین مافەکانیان بێبەشن، سەرباری ئەوەش دووچاری زەبروزەنگێکی ترسناك دەبنەوە، بەداخەوە لەمبارەیەوە هیچ پێشفەچوونێکیش لەئاسۆدا دیار نییە، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی مافی مرۆڤی کوردستان تەنها لە ساڵی ٢٠٠٦دا پێنجسەدو سیوسێ ٥٣٣ ژن کوژران یا خۆیان سووتاندووە ئەمەش دەکاتە مانگی ٤٤ ژن گیانیان لەدەستداوە، بەواتایەکی دیکە بە درێژایی ساڵی ٢٠٠٦ هیچ ڕۆژێك نەبووە ژنێك گیان لەدەست نەدات، بەڕاستی ئەمە کارەساتێکی زۆر گەورەیە، کەچی مخابن نە دەسەڵاتی کوردستانو نە ڕۆشنبیرەکانیش لەبەرامبەر ئەو خوێنڕشتنەدا هیچ هەڵوێستێکیان نییە، زەبروزەنگ بەرامبەر ژنان جیا لەوەی پێشێلکارییەکی زەقو ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە، ناوبانگو ئابرووی نەتەوەی کوردیش بەناوی کرپنەوەی ئابڕووەوە دەچێ. بۆیە ئەز وەکو کوردێك هەمیشە لەم ڕووەوە خۆم بە شەرمەزارو چاوشۆڕ دەبینم.

## ئایین لای من پرسێکی زۆر تایبەتیو کەسییەو مرۆڤ دەبێ تەواو ئازاد بێ لەوەی ئاینی هەبێت یان نا یان سەر بەچ ئاینێك بێت

**پ/ وابزانم ڕۆژنامەیەك سەردانی ڕۆژنامەی (برایەتی)کردبوو، بوونی تۆیان لە لاپەڕەی ژنان قۆستبۆوەو چەند تەعلیقێکیان لێدابووی و تۆش کەوتیە جوابدانەوە، ئایا نەشیاوە پیاو بەرپرسی ڕێکخراوی ژنان یان ڕۆژنامەیەكو لاپەڕەیەکی ژنان بێت.. ئەگەر شیاوە ئەم تەعلیقانەی ئەوان لەسەر چی بوو؟**

- کاتی خۆی کەلە دەستگای ڕۆژنامەنووسی برایەتیو خەبات کارم دەکرد گرووپێکی خوێندکارانی ڕاگەیاندنی سلێمانی سەردانی دەستگاکەیان کرد، لەنێو خوێندکارەکاندا خانمێك هەبوو بەناوی بەناز کوێستانی، ئەو خاتوونە زۆری پێی سەیر بوو من بەرپرسی لاپەڕەی ژنانم لە ڕۆژنامەکەدا، ڕاستییەکەشی ئەوەبوو کە من نووسەرێکی سیاسی بوومو لەبەشی سیاسەتی نێودەوڵەتی کارم دەکرد بەڵام بەرپرسی دەستگای برایەتیو خەبات بەڕێز نەژاد عەزیز سورمێ سەرپەرشتی لاپەڕە ی ژنانو لاپەڕەی ئابووریشی پێسپاردبووم، ئەمەش بەلای منەوە کارێکی زۆر ئاسایی بوو چونکە من پێمواپە پیاویش نەك دەکرێ بەڵکو پێویستیشە فێمینیستو بەرگریکاری مافو ئازادییەکانی ژنان بن، لەچەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری جیهانیشدا کەتایبەتن بە کاروباری ژنان ڕۆژنامەنووسی پیاو هەن، کەچی ئەو خانمە هەر بۆناوەدەرکردن وتارێکی لەسەر من نووسی گوایا من مافی ژنانم خواردووەو پۆستێکم لێ داگیر کردوون، کەچی هەر ئەو خانمە بەم دواییەی مافی ژنێکی دیکەی خواردو شووی بە پیاوێکی خاوەن ژنو منداڵ کرد!

**پ/ تۆ لە بنەماڵەیەکی ئاینی ناسراو لە دایك بوویتو باوکت مەلایەکی ناودارە، بەڵام خۆت نێوانت لەگەڵ دیندا باش نیە هۆکارەکەی چیە؟**

- ئایین لای من پرسێکی زۆر تایبەتیو کەسییەو مرۆڤ دەبێ تەواو ئازاد بێ لەوەی ئاینی هەبێت یان نا یان سەر بەچ ئاینێك بێت، هەرچەندە ئەگەر تەماشای مێژووی مرۆڤایەتی بکەین لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ دەبینین ئایینەکان هۆکارێکی سەرەکی کوشتوبڕو خوێنڕێژی بوون، ئاینەکان نەك هەر خۆبەخۆ لە شەڕوململانێو شەڕە فۆچانێی خوێناویدا بوون بەڵکو لە نێو خودی یەك ئاینشدا مێژوویەك لە خوێنڕشتن هەیە، شەڕی ئەمڕۆی نێوان سوونەو شیعە لە عێراق کە درێژبووەوەی مڵملانێی دێرینی نێوانیانە زیندووترین بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە.بۆیە من هەر هەتا ئەو جێیە ڕێزی هەر ئاینو بیروبۆچوونێك دەگرم کە دژی مافو ئازادییەکانی مرۆڤ نەبێت، پاشان ئەمڕۆ لە دنیادا بە دەیان ملیۆن کەس هەن کەباوەڕیان بە هیچ ئاینێك نییەو نەك هەست بە هیچ بۆشاییو کێماسییەکیش ناکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە لەکۆڵ کۆمەڵێك گرێو گۆڵو ڕقو قینیش بوونەتەوەو خودان دەروونێکی زۆر ئارامن.

**پ/ نزیکەی دوو ساڵ چاوەڕوانی بۆ گەیشتن بە کەنەدا لە سوریا مایەوە، بەڕاشکاوی هۆکاری ڕۆیشتنت چی بوو هەرچەندە وەك ئێمە بزانین کارو موچەیەکی باشیشت هەبوو؟**

ڕاستییەکەی ئەمن ساڵێك‌و مانگێك لە سوریا مامەوە، جیا لەو کێشەو تەنگ پێهەڵچنینەی کە کاتی خۆی بەهۆی کاری ڕۆژنامەوانیەوە دووچاری هاتم، کۆمەڵێك هۆکاری تایبەتی‌و نەگونجانم لە گەڵ ژینگەی دووروبەری خۆم هاندەری هاتنە دەرەوەم بوون.

**پ/ کە کوردستانت بە جێ هێشت زۆر کەس ڕەخنەیان لێگرتی‌و پێیان وابوو نەدەبوو ڕۆیشتبای، ئایا نیازت هەیە بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟**

- من بڕیارم نەداوە بۆ هەتاهەتایە لەهیچ شوێنێك بم نەلێرەو نە لە کوردستان‌و نەلەهیچ شوێنێك، بەڵام بەڕاستیش ژیان لەکوردستان زۆر سەختە بەتایبەتیش بۆ کەسانێك کەباوەڕیان بە شتی پڕوپووچ‌و هەندێ دابو نەریتی پاشکەوتووی کۆمەڵایەتی نییە، لەکوردستانیش - وەك زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان - بەداخەوە ڕێز لە ئازادییەکان کەسییەکان ناگیرێت‌و دەست لەکاروباری ژیانی تایبەتیەوە وەردەدرێت کەتەنانەت مرۆڤەکان لە سادەترین شتی وەك جلوبەرگ لەبەرکردن‌و خواردن‌و خواردنەوەو هاتووچۆو دانیشتنیشدا ئازاد نین، ئەمە جیا لە هەزارو یەك دەردی کۆمەڵایەتی کە وێناچێ هەروا زووش چارەسەر ببن.

**پ/ چی کوردستان‌و کەنەدا لەیەك دەچن؟**

- بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ بڵێم هەیهوو هەیهوو براله پرسیاری چیم لێدەکەی، کەنەدا وڵاتێکی یەکگرتووو سەربەخۆو خاوەن سەروەرییەو کوردستانیش نیشتمانێکی دابەشکراوو داگیرکراوی بەتاڵانبراوە، ئەمە جیا لە جیاوازییەکی زۆری کەلتووری‌و کۆمەڵایەتی، بۆیە من هیچ لەیەکچوونێکی وا لەنێوانیاندا نابینم، بەڵام چونکە ئەمڕۆ دەسەڵاتی باشووری کوردستان داوای فیدرالیزم دەکات، بۆیە لەم ڕووەوە ئەزموونی فیدراڵی کەنەدا ئەزموونێکی زۆر گرنگەو هەرێمەکان ئازادی‌و دەسەڵاتێکی زۆریان هەیەو پتر لەکۆنفیدرالییەوە نزیکە، لەمبارەیەوە حکومەتی کوردستان پێویستە پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ کەنەداو بەتایبەتیش کێبێك ببەستێت، هەرچەندە من خۆم باوەڕم بەفیدرالیزم نییەو وای بۆدەچم کە فیدرالیزم بەهیچ شێوەیەك چارەسەری کێشەی کورد ناکات.

## کاتێك بەرپرسی لاپەڕەی ژنان بووم لە ڕۆژنامەی برایەتی خانمێك هەر بۆناوەدەرکردن وتارێکی لەسەر من نووسی گوایا من مافی ژنانم خواردووەو پۆستێکم لێ داگیر کردوون، کەچی هەر ئەو خانمە بەم دواییەی مافی ژنێکی دیکەی خواردو شووی بە پیاوێکی خاوەن ژن‌و منداڵ کرد!



**پ/ ئەو ئازادییەی کە لە کوردستاندا بۆ کاری ڕۆژنامەگەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ کەنەدا چۆن دەیبینی؟**

ئەو پرسیارە شتێکی خۆشی وەبیر هێنامەوە، ساڵی ٢٠٠١ بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆژنامەگەی کوردییەوە میوانی بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی Kurdistan TVبووم ئیدی منیش کوردستانم کرد بە دۆزەخ‌و هەرچی خراپ بوو گوتم، دیاربوو کوردانی دەرەوە زۆر لەقسەکانم پەست ببوون، یەکێك لەکەنەداوە تەلەفۆنی کردو بەتووڕەییەوە گوتی(( ئەو ئازادییەی لە کوردستان هەیە لە کەنەداش نییە))منیش بە تەوس‌و گاڵتە جارییەوە گوتم دەباشە براله تۆ لەو کەنەدایە چ دەکەی؟ بۆ بەخۆڕایی خۆت لەوئازادییە زۆروزەوەندەی کوردستان بێبەش کردووە!، جا بێمەوە سەروەڵامی پرسیارەکەت کەنەدا سەدان ساڵە وڵاتێکی سەربەخۆیەو خاوەن قەوارەیەکی سیاسی دانپێدانراوی پارێزراوەو هیچ هەڕەشەیەکیشی لەسەر نییە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئازادی ڕۆژنامەوانی تێداڕەهاوبێ سنوور نییەو هێندێك هێڵی سووری پەیوەند بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەن کە بەزاندنیان ڕۆژنامەونووسان دووچاری سزاو لێپرسینەوە دەکات، بەهەمان شێوە ئەمریکاش لەدوای ١١ ی سێپتەمبەر چەندین ڕێوشوێنی گرتە بەرو سنووری ئازادییەکان تارادەیەك بەرتەسك کراونەتەوەو تەنانەت گوێ لە پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیش دەگیرێت، بێگومان بەراوردی ئازادی ڕۆژنامەوانی ئێرەو کوردستان ناکرێت، بەڵام لە هەمووبارەکاندا دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کەئێمەهێشتا نەتەوەیەکین لەژێر هەڕەشەداین‌و چواردەورمان دوژمنی دڕندەن کە هەرچی بۆیان بکرێت لەدژی کورد دەیکەن، هەربۆیەش ڕۆژنامەنووسەکانی کوردستان لەپاڵ ئەوەی دەبێ چاوونووکی پێنووسەکانیان تیژ بێ‌و لەڕەخنەگرتن‌و لەقاودانی کاری خواروخێچ وچەوت وچەوێڵ سڵ نەکەنەوە بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەبێ بەرژەوەندییە نیشتمانی‌و نەتەوەییەکانیش فەرامۆش نەکەن‌و لەبەرچاویان بگرن.

# ژنسالاری لەنێوان واقعی کاڵو تەوفیر لە چیەتی نەگەڕانەوەی



**پەژارە مەمەند ساڵح**

بەدیدی بیریارانی ماتریالیزمی مێژوو. قۆناغی سەرەتایی مرۆڤایەتی بە پێچەوانەی هەنوکە وێنای دەکەن، چونکە لەم قۆناغەدا موڵکایەتی تایبەتو ئاینە ئاسمانیەکانو دابو نەریتەکان سەریان هەڵنەدابوو. هەر لەدیدی ماتریالیزمی مێژوو، هیچ جیاوازیەکی رەگەزی لەنێوان پیاوو ژندا نەبوو، بەلاّم هەر لەتەك نیشتەجێ بوونی مرۆڤ پەیدابوونی کشتوکاڵ بەخێوکردنی ئاژەڵو سەرهەڵدانی لایەنەکانی وەبەرهێنان بووە هۆی قۆرغکردنی تەواوی بونیەتی ئافرەت. لە کلاّورۆژنەی ئەم قۆناغە تێكو پێك هەڵقرچانی ئافرەت دەبینن، چونکە لەتەك ئاوابوونی خۆری قۆناغی یەکەم پەیتا پەیتا دەسەلاّتی ژنسالاری لە بۆتەی بێ سنوری بەرژەوەندیو هەڵپە هەڵپی پیاوان بۆ موڵکایەتی تایبەت توایەوە. ئافرەت خرایە پەراوێزەوە. زۆربەمان لامان وایە بە گەڕانەوەی ژنسالاری بۆ ناو قۆناغی هەنوکە دەبێتە فاکتەری راستکردنەوەی ئەو لاسەنگیە رەگەزیەی نێوان ژنو پیاوان. یاخود فاکتەری دەسەلاّتداری پیاوان بەسەر هەڵوەستانی لایەنەکانی وەبەرهێنانە،و دابەشکردنی کاروبارەکانی ماڵەوە بەسەر ئافرەتدا دەگەڕێتەوە نەك جیاوازی زرنگیو توانستی نێوان ژنو پیاو. زانیمان قۆناغی یەکەم ژنسالاری بوو، بەلاّم هەرماوەیەك تا هاتنی ئایینە ئاسمانیەکانو دابو نەریتە کۆمەلاّیەتیەکان. موڵکایەتی تایبەت خایاندی. لەوێوە قۆناغی پیاوسالاری سەریهەڵدا کە تا هەنوکەش بەردەوامە گورزەیەکی مرۆیی بەر چینی ئافرەتان کەوت. لە سۆنگەی پێ هاویشتنە ناو قۆناغی پیاوسالاری(پاتریارکی). ئێمە دەپرسین ئایا بەراستی تیری مەبەستی بیریارەکانی ماتریالیزمی مێژوویی پێکاویەتی؟ کوا ئەو بەڵگانەی سەلمێنەری قۆناغی ژنسالارین؟ لە کاتێکدا رەوشتەکەیان بەبێ ئایینو دابو نەریت بووە. کە خۆی لە خۆیدا ئەمانە پێوەری کۆمەڵگەن. یاخود دەپرسین لەکاتی قۆناغی ژنسالاری بۆچی توانستو خەباتە پچڕاوەکەی ژنان ئەوەندە بۆشناغ نەبوو تابە ریشەیی چەق ببەستێو رووبەڕووی دەسەلاّتی پیاوسالاری ببێتەوە؟ کەواتە ژنسالاری هیچێك نییە تا بیکەینە قیاسی بەراست هەبوونی دەسەلاّتی ژن، چونکە سەرجەمی قۆناغەکانی مێژوو نەمانبینی تاکە ئاساری قۆناغی ژنسالاری بەرووی ژنانەوە. ئەگەریش بەراستی بوونی هەبووبێ ئەوا هەلومەرجی ئەوکات وایخواست ئەم قۆناغە تەمەنی کورت بێت، باشتر وایە چیتر قۆناغی ژنسالاری باسی لێوەنەکرێت، چونکە لاوازی ئافرەتمان بۆ دەردەکەوێت کە بۆچی نەیتوانی لەجیاتی پیاو پێشەنگ بێت. یاخود ئەم پرسیارەش بکەین (کە بەراست بوو هەبووبێ قۆناغی ژنسالاری) ئایا دابەشکردنی کار بەم کۆلێجە واتە کاری دەرەوە بەرپیاو کەوتو کاری ماڵەوەش بەر ئافرەت کەوت، رێکەوت بوو یاخود بەپێی لەبەرچاوگرتنی توانستی سایکۆلۆژیو بایەلۆژی هەریەکە لە ژنو لە پیاو بوو؟ بە چاو خشاندنێك بەباری سروشتیو پێگەی هەردوو رەگەز دەڵێم نا رێکەوت نەبوو. حیکمەت لە چیەتی پێدانی سۆزو میهر لە سروشتی ئافرەتانەیداو بەرکەوتنی منداڵ بەخێوکردن دەلالەت لە لێوان لێوی ئافرەت دەکات لە سۆزو میهر، کەواتە بێ تەوفیر نەبوو و توانا جەستەییەکانی ئافرەت گونجاندنی لەتەك باری ناوماڵ بەرکەوتنی کاری ناوماڵیش بێ تەوفیر نەبوو(وە لە باری جیاوازی جەستەیی ژنو پیاو قیاس نییە بۆ بەکەمگرتنی ئافرەتو بە زۆرگرتنی پیاو)و بەخشینی جەستەیەکی پتەوتر لە ژن. بەرکەوتنی کاری دەرەوەش بێ تەوفیر نەبوو، دابەشکردنی ماڵ بەم کۆلیجە خەسڵەتی ئەقڵ کەبیرکردنەوەو وردبوونەوەو نەخشەکێشانە، مامەڵەکردنی لەتەك دنیای دەرەکیدا بەرکەوتنی پیشەی دانانی بەرنامە رێژەیەکی ژیانی بەرکەوتنی کاری دەرەوەشی بێ تەوفیر نەبوو دابەشکردنی کار بەم کۆلیجە.(هەرچەند جیاوازی بەرچاوی نێوان ئەقڵ سۆزی ژنو پیاو نییە، بەلاّم هەندێ پێوەری کۆمەلاّیەتی هاندەری بە زەق دەرکەوتنی ئەم دوو وزە مرۆییەن). رێکەوت نەبوو بەپێی تواناو لێهاتنە خۆڕسکەکەی هەریەکە لە ژنو پیاوبوو، کەواتە پێکهاتەی سروشتی مرۆڤ دەستی هەیە لە دابەشکردنی جۆری کار. ئێمەی ژنان گەرەکمانە ژنسالاری خۆمان نییە بە پێچەوانەی ئەو جۆرە پیاوسالارییەی کە هەیە، بەڵکو گەرەکمانە هاوسەنگکردنی چینی ئێمەی ژنانو پیاوان بە هاوکێشەیەکی مرۆڤگەراییو یەکسانی. لە دوو ماهیدا خوازیاری گەڕانەوەی ژنسالاریم(کە دەڵێن هەیە)و یەکگرتنی لەتەك هەنوکەی پیاوسالاریەتو بەیەك سازانیانو تروکاندنی کۆرپەی واقیعێکی نوێی مرڤسالاری کە بە وەرچەرخانێکی ریشەیی پەروەردەییو فەلسەفی دەکرێت.

